# نالی و هونەرە دەگمەنەکان

د. عبدالسلام سالار/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلیژی زمان/ بەشی کوردی

**پێشەکی**

هونەری جوانکاریی ڕۆڵی گەورەی لە ئارایشتکردنی سیمای ئەدەبی کلاسیکی بەگشتیو ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا بینیوە، ئەم بەشەی ڕەوانبێژیی کە مەبەستمان (جوانکاریی)یە هونەرێکی زۆری لەخۆگرتووە، (ابن أبی الاصبع المصری لە کتێبی (تحریر التحبیر)دا باس لە ((سەدو بیستو دوو هونەری جوانکاریی دەکات))* کە هەندێکیان واژەییو هەندێکیان واتایینو هەروەها جیاوازن لە چێژ بەخشیندا، لم هونەرانە هەندێکیان چنینیان زۆر گران نییەو لە زۆربەی هۆنراوەی شاعیراندا دەبینرێن هەندێکیشیان چنینیان گرانەو توانایەکی نائاساییان لەلایەن شاعیرەوە دەوێ، هەربۆیەش ویستمان لەم بارەیەوە بکۆڵینەوە، بۆئەوەی ئەوجۆرانە بخەینە پێش چاوی خوێنەر کە لەبەر ئاڵۆزیو قورسی چنینیان کەم لە شاعیران خۆیان لەقەرە داوە، نالیش لەو شاعیرانەیە کە ئەم جۆرە هونەرەی لە چنینی وێنەکانیدا بەکارهێناوە، ئێمەش وەك چنگەکرێیەك بەم کێوە سەختەدا هەوڵمانداوە لەم بارەیەوە شتێك گەر کەمیش بێت بەدەستی بهێنین، قووڵی بیری شاعیرو کەمی ئەو سەرچاوانەی کە بەوردی هۆنراوەکانی نالییان شیکردووەتەوە لەو تەگەرانە بوون کە توانیمان تێپەڕی بکەین ئەمەش بەوەبوو پشتمان بەو دیوانەی کە مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەریس لێی کۆڵیوەتەوە بەست کە یارمەتیدەرێکی زۆرباشم بوو، شایانی وتنە هەندێ لەو هونەرانەی لێرەدا باسیان لێوە دەکەین پێشتر لە نامەی ماستەرەکەمدا پێناسەمان کردووەو ئەو نموونانەمان هێناوەتەوە کە بیری وردی مامۆستا مەسعود محەمەد بۆی چووە، لێرەدا ئەو نموونانە دەخەینەڕوو کە تائێستا لە ئەدەبی کوردیدا باس نەکراوەو دوای کۆششێکی زۆر پێی گەیشتووین.

ئەم باسە لە پێشەکییەكو دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: نالیو هونەرە دەگمەنەکان، نەخشاندن (التطرین)، (افتنان)، ڕەنگ کۆ (تدبیج).

بەشی دووەم: تایبەتمان کردووە بە هونەری بەکارهێنان (استخدام).

بە خستنەڕووی ئەنجامو سەرچاوە بەکارهاتووەکانو پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبیو ئینگلیزی کۆتاییمان بە باسەکە هێناوە، شایانی وتنە لەم باسەدا دیوانی نالی لێکدانەوەی (مەلا عبدالکریمی مودەریس)مان بەکارهێناوەو ژمارەی لاپەڕەکانمان لەسەر دێڕە هۆنراوەکە نووسیوە.

* شوقي ضيف، البلاغة تطور و تأريخ، ل٣٥٨، ٣٥٩، ٣٦٠.

## بەشی یەکەم

## نالی و هونەرە دەگمەنەکان

لە ئەدەبی هەر میللەتێکدا شاعیرێك یان چەند شاعیرێك دەبنە ئەستێرەی ئاسمانی ئەو ئەدەبە، شکسپیر لە ئەدەبی ئینگلیزی، موتەنەبی لە ئەدەبی عەرەبی، سەعدی شیرازی لە ئەدەبی فارسیدا، نالیش یەکێکە لە گەشاوەترین ئەستێرەی ئاسمانی ئەدەبی کوردی، کەسیش لەخۆوە ئەم پایەیەی بە نالی نەبەخشیوە بەڵکو بەتوانای خەیاڵی بەرزەفڕی و بیر کەم هاوتای ئەم پایەیەی بەدەستهێناوە، ئەوانەی لە شیعری نالییان کۆڵیوەتەوە ئێستاش لەم بەحری پڕ غەزەل و گەوهەرەدا لە قەراغەوە مەلەدەکەن و هەندێکیشیان هەوڵی داوە لەو گەوهەرانە بهێنێتەدەر، بەڵام هێشتا گەوهەرە شاراوەکانی بن ئەم دەریایە لە مەلەوانان عاسییەو بەدەیان نهێنی لەنێوان وشەکانی شیعری نالیدا خۆیان حەشارداوەو چاوەڕوانی خوێنەری بیروردن بۆئەوەی ئاشکرایان بکات، وردیی بیری شاعیر گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە رۆڵ بەهەموو وشەیەك لەهەر شیعرێکدا هۆنیوێتیەوە بدات و تاقە وشەیەك نابینرێ بووبێتە حشووتا لە تەنیا دێڕە هۆنراوەیەکیشدا بێت، نەك تەنیا ئەمەش بەڵکو زۆرجار دەبینین وشەیەك لە رۆڵێك زیاتر لە گەیاندنی واتادا دەبینێ وەك دواتر لەم باسەدا روونی دەکەینەوە هەرئەمەشە وای لە مامۆستایان مەسعود محەمەدو مەلا عبدالکریمی مودەڕیس کردووە کە مێشکی خۆیان بگوشنە نێو دێڕەکانی هەر هۆنراوەیەکدا بۆئەوەی ئاشنای ئەو واتایانە بن کە خۆیان لە دووتوێی وشەکانیدا حەشارداوە، هەروەها بەرزی ئاستی هۆنراوەکانی وایکردووە کە لەلایەن شاعیرانی ترەوە بکرێت بە پێوەری ئاستی شیعرییان وەکو حاجی قادری کۆیی کاتێ (شیعری خۆی بە خەزەف دەدا لەقەڵەم لەئاست گەوهەری شیعری نالیدا)[1]، چونکە کەرەسەی چنینی وێنە لای نالی لە زەمینەیەکی بەپیت و دەوڵەمەندەوە سەرچاوەی گرتووەو لە شێوازی چنینی وێنەکانیەوە دەردەکەوێ کە خۆی (نالی) زانایەکی زانستی رەوانبێژی بووەو ئەوەی کە وەکو زانست لە رەوانبێژیی ئاگاداری بووە، بەشێوەیەکی لێهاتوو خستوویەتییە بواری پراکتیکەوە.

لە راستیدا ئەوەی بیەوێ خۆی لەقەرەی وێنە شیعرییەکانی نالی بدات دەبێ ئاگادارییەکی باشی لە زانستە ئاینییەکاندا هەبێت چونکە لەوانەیە لە قەسیدەیەکدا چەندین زاراوەی ئەو زانستانەی کردبێتە بناغەی داڕشتنی وێنەکان و سەرەڕای توانەوەی ئەو وێنانە لەبۆتەی هونەرێك یا چەند هونەرێکی رەوانبێژیی دلڕفێندا.. هەندێ جار چەندین نموونەی هاوشێوەی بۆ هونەرێك لە هونەرەکانی رەوانبێژیی بەشوێن یەکدا دووبارەکردووەتەوە وەکو ئەوەی لە هونەری ئاراستە (التوجیە)دا کە هونەرێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی دەبینین، کەم جار هەیە هۆنراوەکانی نالی لەواتادا دیوی نەبێ، یەکێکی خەفی و ئەویتر ئاشکار.

نەظمی نالی میثلی ئاوو ئاوێنە رەنگی نییە

دوو ڕووە بۆ سەیری خاتر یەك خەفی و یەك ئاشکار

بەردەوامیش واتا ئاشکراکەی خستووەتە زەینی خوێنەرەوەو خۆیشی زیاتر مەبەستی لە واتاکەی

تری بووه كه شاراوەیە، ئەمە بیری خوێنەری كولو ماندووكردووه تا پێی گەیشتووه، جارجاریش توانای ئەفسونی شاعیر ئەوەی تێپەڕاندووەو بەشێوەیەك كە واتا بەكارهاتووەكانی واژەیەك لەیەك كاتدا كۆبكاتەوەو ئەركیان لە وێنەكەدا پێبسپێرێ وەكو لە هونەری بەكارهێنان (استخدام)دا دەیبینین كە ئەمیش لە هونەرەكانی جوانكارییەو بەهۆی قورسی چنینییەوه بەدەگمەن لای شاعیران بەكارهاتووە.

نالی شاعیر بە خەیاڵی بەرزەفڕی فەرهەنگی وشەی كوردی تەی كردووەو زۆربەی پێوەندییە ئیستاتیكیەكانی نێوانیانی چنیوەتەوەو لە داهێنانی كەم وێنەدا رووخساری هۆنراوەكانی پێ نەخشاندووه كە هەندێ لەو نەخشانە دیارنو هەندێكی تری بە سانایی هەستیان پێناكرێت، بەڵام كە كاتێ هەستی پێدەكرێ رەنگە مرۆڤ بگاتە ئەو باوەڕەی كە ئەمە جۆرێ بێ لە جادوو بەدەربێ لە توانای مرۆڤ چونكە توانای داهێنانی نالی شاعیر بەردەوام زمانی ملكەچ كردووەو چۆنی ویستبێ بە باڵای بیردا بەرگی هونەری بڕیوە، (جا لەم بوارە گرنگەی هۆنراوەی نالیدا هەرچەندە هەوڵبدرێت هێشتا لەسەرەتای ئەو رێگە سەختو پڕ هەڵدێرو تەلیسماویدایین كە شاعیر گرتویەتیەبەر)[٢] جا بەختەوەری كورد لەوەدایە كە چەند زانای وەكو مەسعود محەمەدو مەلا عبدالكریمی مودەڕیس هەڵكەوتنو بەبیری تیژیان هەندێ لەو تەلیسمانەی هۆنراوەی نالییان بۆ كردینەوە، ئەگەر وانەبوایە، ئەم هۆنراوانە هەروەها بە دەرگا داخراوی دەمانەوەو ئەم كلاورۆژنەیەش كە زانایانمان بەڕووی بەرهەمەكانی نالیدا كردوویانەتەوە، دروست نەدەبوو بەو هیوایەن كە نەك تەنیا كلاورۆژنە بەڵكو كلیلی دەرگای ئەم تەلیسمە بیری نووسەرانی داهاتوومان بەدەستی بێنن، ئەم هۆنراوانەی نالی لەو هۆنراوانەن كە چەندە واتای وردیان لێ بەدەستبێنین هێندەی تر واتای تێ دەزێن، هۆنراوەش بەمشێوەیە كانی ئاسا بێ، بەردەوام واتای نوێی لە دووتوێی وشەكانەوە دەردەكەون، تایبەتییەكی تری ئەم هۆنراوانەی نالی ئەوەیە كە تا سەرەداوی واتایەك دەدۆزینەوە دەیان داوی ترمان بۆ نراوەتەوە، هۆنراوەی لەمجۆرەش بۆ ئەوەمان دەباتەوە كە بڵێین هەر شاعیرێك جنۆكەیەكی لەگەڵدایەو فێری هۆنراوەی دەكاتو ئەگەر بەرزی هۆنراوەكانی نالی نەبێت چی وا لە هێمنی شاعیر دەكات كە بڵێت (خۆزگە هەموو ماڵە كوردێك دیوانی نالی لەژێر قورئانی پیرۆزدا دانابایە)[٣].

لەو هونەرانەی كە لێرەدا باسی لێوەدەكەین.

التطریز (نەخشاندن)

(یحیی العلوی) لەكتێبی (الطراز)دا بەم شێوەیە باسی ئەم هونەرە دەكات ((ئەوەیە كە نیوەدێڕی یەكەمی هۆنراوەیەك سێ ناوی واتا جیاوازی لەخۆگرتبێت، دوایش لە نیوەدێڕی دووەمدا بۆ هەریەك لەو سیانەی پێشوو واتایەك دێنێتەوەو هەرسێكیان یەك واژەیان دەبێ))[٤].

(سید احمد الهاشمي) یش پێناسەیەكی نزیك لەو پێناسەیەی سەرەوە بۆ ئەم هونەرە دەكاتو دەڵێ ((ئەوەیە كە نیوەدێڕی یەكەمی هۆنراوەیەك یان سەرەتای پەخشانێك سێ ناوی واتا جیاوازی

لەخۆگرتبێت‌و لە نیوەدێڕی دووەمدا سیفەتی ئەوانەی پێشوو بێنێتەوە کە یەك واژەیان هەبێت))[٥]، ئەم هونەرە لە ئارایشتە واتاییەکانە (المحسنات المعنوية)، نالی بۆ چنینی ئەم هونەرە لە دێڕە هۆنراوەیەکدا دەڵێ:

ساقی! وەرە رەنگین کە بە پەنجە لەبی ئەقداح

بەم راحە لەسەر راحە، دەڵێن راحەتی ئەرواح ١٦٤

نالی شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەمی ئەم دێڕە هۆنراوەیەدا کۆمەڵێ شتی هێناوەتەوە دوایش لە نیوەدێڕی دووەمیدا کۆمەڵێ شتی هێناوەتەوە بۆ ئەوانەی پێشوو دەگەڕێتەوە، بەلاَم هەموویانی بە دووبارەکردنەوەی واژەیەك گەیاندووە، بەم (راحە) لێرەدا راح بۆ ئەقداح دەگەڕێتەوە، (راح)ی دووەم کە لەپی دەستە بۆ ساقی دەگەڕێتەوە، (راحەتی)یش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر لە ساقی داوای دەکات.

بەم کاسە لەسەر پەنجە دەڵێن: نور علی نور

رەخشانە لە میشکاتی قەدەحدا وەکو میصباح ١٦٤

نالی لە نیوەدێڕی یەکەمی ئەم دێڕە هۆنراوەیەدا (کاس)و (پەنجە)ی هێناوەتەوە، دوایش وەسفی کردوون بە دووبارەکردنەوەی واژەی (نور)، جیاوازیی ئەم نموونەیەی نالی لەگەڵ پێناسەی هونەرەکەدا ئەوەیە کە لەم نموونەیەدا لەجێی سێ ناو، دوو ناو هاتووەو هونەرەکە تەنیا لە نیوەدێڕی یەکەمی دێڕەکەدا دروستبووە نەك لە نیوەدێڕی یەکەمدا ناوەکان هاتبن‌و لە نیوەدێڕی دووەمی دێڕەکەدا وەسفیان بەیەك واژەی دووبارەکراو هاتبێت.

افتنان

مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەڕیس لە پێناسەی ئەم هونەرەدا دەڵێ ((بریتییە لە کۆکردنەوەی جۆری جیاجیای مەبەست وەك پیاهەڵگوتن‌و تەعریفکردن‌و زەمکردن‌و چالاکی‌و تەمەڵی‌و زانست‌و کارو پرسەو پیرۆزبایی))[٦]، (سید احمد الهاشمی)یش لەم بارەیەوە دەڵێ ((ئەوەیە کە دوو هونەری جیاواز وەکو دڵداری‌و شانازی‌و ستایش‌و زەم‌و پرسەو پیرۆزبایی لە هۆنراوەیەکدا کۆبکرێتەوە))[٧].

نالی شاعیر ئەم هونەرەی لە هۆنراوەکانیدا بەکارهێناوە.. لە دێڕە هۆنراوەیەکدا دەڵێ:

حەمایڵ کە دەمی تێغت لە حەڵقەی گەردنی نالی

مەگەر تێراوبیم بەو رەنگە تینووی ساعیدی یارم ٢٧٥

لەم دێڕەی سەرەوەدا، گەردنی نالی کەوتووەتەبەر تیغی یارەکەی، کە دیارە ئەم کارە ئێش‌و ئازاری گەیشتن بە یاری دەشکێ‌و ئارەزووی تێردەبێ. لێرەدا شاعیر دوو شتی ناخۆش‌و خۆشی کۆکردووەتەوە.

تا نەگریا ئاسمان‌و تەم وڵاتی دانەگرت

گوڵ چەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی خونچە وانەبوو ٣٧١

لە نیوەدێڕی یەکەمی ئەم دێڕەی سەرەوەدا، نالی ئەوە رادەگەیەنێ کە لە پرسەی مردنی سلێمان

پاشای باباندا ئاسمان شیوەن دەکات‌و دەگری‌و بە فرمێسکی بارانی زەوی پاراودەکات شاعیر کە ئەمە دەڵێ دیارە رەنگدانەوەی دەروونی خۆیەتی کە ئەم کۆچکردنەی زۆر پێ ناخۆش بووەو بە رێگای ئەم وێنەیەوە دەیگەیەنێ‌و بەرجەستەی دەکات.

دوایش لە نیوەی دووەمی دێڕەکەدا ئەنجامی ئەم شیوەنی ئاسمانەو گریانی بەخوڕی رادەگەیەنێ کە چیمەنی سلێمانی بە دەرکەوتنی ئەحمەد پاشای بابان دەگەشێتەوەو خونچەی پاشایەکی تر پشکووت، لێرەدا لە پیرۆزبایی هاتنی ئەحمەد پاشادا ئاوێنەی دەروونی نالی بەم شێوەیە رەنگی داوەتەوە، واتا نالی نیوەدێڕی یەکەمی ئەم دێڕە هۆنراوەیەی بۆ پرسەی سلێمان پاشا وتووە نیو دێڕی دووەمی بۆ پیرۆزبایی ئەحمەد پاشا وتووە.

تدبیج (رەنگ کۆ)

رەنگ کۆ (التدبیج) ئەوەیە ((کە لە قسەکەتدا چەند رەنگێك بهێنێتەوە دەلالەت لەسەر ستایش یان زەم بکەن))[٨]، نالی ئەم هونەرەی لەتوانا ئەدەبییە فراوانەکەی خۆیدا جێ کردووەتەوە لە چامەکەیدا بۆ سالم دەڵێ:

مەیلێ بکە لەسەبزە درەختانی مەدرەسە

ئەوراقیان موقەددیمەی شینەیانە سوور؟ ١٩١

نالی شاعیر لەم دێڕەی سەرەوەدا ئەرکی بە رەنگەکانی سەوزو شین‌و سوور لە دروستکردنی وێنەدا سپاردووە، لێرەدا (شین) درکەیە لە گەشەکردنی گەڵای درەختەکانی، (سوور)یش درکەیە لە وشکبوونی گەڵای درەختەکان، دەشتوانرێ شیکردنەوەیەکی پێچەوانەی تری بۆ بکرێ‌و بوترێ (شین)، درکەیە لە ناخۆشی چونکە ئەوەی لەماتەم‌و ناخۆشیدا بێت جلی شین لەبەردەکات بەپێچەوانەشەوە، ئەوەی لەخۆشیدا بێت جلی سوور لەبەردەکات.

وەجهەکەم ئیسمی بەیاضی، ئەمما وەرەق زەردوسیا،

با موخەططەت بێ بە کافوری کەشیدەی خۆش نەمەط ٢٤٥

لەم دێڕەی سەرەوەدا نالی، رەنگەکانی (بەیاضی، زەرد، سیاه)ی لە چنینی وێنە هونەرییەکەیدا بەکارهێناوە، کە هەریەکەیان دەلالەت لەسەر حاڵێك دەکات، بەیاضی دەلالەت لەسەر رووناکی‌و چاکەی کاری دنیایی دەکات، دەشێتیش لە وەسفی سەرو ریشیدا وتبێتی کە درکەیە لە پیری.

بەڵام بۆ وەسفی نامەی ئەعمالی رەنگەکانی (زەرد، سیاه)ی بەکارهێناوە کە دەلالەت لەسەر ناخۆشی‌و خراپە دەکات، زەرد بۆ لەوەسفی شتی خراپدا بەکاردێت، زەرد رەنگی دوادوایی تەمەنی هەندێ شتە کە بە زەردیی دەردەکەوێ وەك گەڵای دار. مرۆڤ کە نەخۆش دەبێ رووی زەرد هەڵدەگەڕێت، لە شەرمەزاریشدا مرۆڤ رەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت، کورد دەڵێ روو زەرد نەبی واتا نەکەوێتە ئەو حاڵەتەوە کە تێیدا لەبەر ناخۆشی هەڵوێستەکە رووت زەرد دادەگەڕێ‌و پەشیمان دەبی لەو کارانەی پێشوون، رەنگی (رەش)یش کە دیارە سیفەتی تاریکییەو بۆ هەموو شتێکی ناخۆش رەنگی رەش بەکارهێنراوەو بەم رەنگە تەعبیری لێ کراوە، نالی لەم دێڕەدا ئەوە دەردەخات

کە کردەوەی ئەم دنیایەی زۆر خراپە بووە، لەبەرئەمە بە هەردوو رەنگی زەردو سیاە دەریبڕیوە.

## بەشی دووەم

### استخدام (بەکارهێنان)

زانایـانی رەوانبێـژی بـە دوو شـێوە لـەم هونـەرە دوواونو پێناسـەیان بـۆ کـردووە، تفتـازانی لـە راڤەکردنی پێناسەکەی (الخگیب القزوینی)دا بۆ بەکارهێنان (استخدام) دەڵێ ((ئەوەیە کە واژەیەك دوو واتای هەبێت، واتایەکیان بهێنێتەوەو واتاکەی تریش بەڕێگای ڕاناوەوە بهێنێتەوە نەك خۆی (واژەکە) ))[٩].

بدرالدین بن مالك، دانەری (المصباح) بۆ ناساندنی ئەم هونەرە دەڵێ ((واژەیەك لەنێوان دوو واتـادا هاوبەش بێت، دوایش دوو واژە بهێنێتەوە، یەکێکیان واتایەکیان بگەیەنێ و ئەویتریان واتاکەی تر بگەیەنێ، دوو واژەکەش لەوانەیە دوای واژە هاوبەشە بکەون یان پێش واژە هاوبەشـەکە دەکەون یان واژە هاوبەشەکە دەکەوێتە نێوان دوو واژەکەوە))[١٠].

(ابن سنان الخفاجی)یش دەڵێ ((ئەوەیـە کـە واژەیـەك دەربڕی هاوبـەش بێ لـەنێوان دوو واتـادا، دوایـش دوو واژە بهێنێتــەوە ئـەو واتایانــە بگەیــەنن جـا ئــەم دوو واژەیــە لەوانەیــە پــێش واژە هاوبەشەکە بکەون یان دوای بکەون یان واژە هاوبەشەکە بکەوێتە نێوانیانەوە))[١١] لێرەدا مەبەست لە (دوو واژە بهێنێتەوە ئەو واتایە بگەیـەنێ) ئەوەیـە کـە دوو واژەکـە هەریـەکەو لەگـەڵ واتایـەکی واژە هاوبەشەکەدا دەگونجێ، وەکو ئەم نموونە عەرەبییەی خوارەوە:

ومولع بفخاخ　　　　یصیدها وشباك[١٢]

قالت لي العین ماذا　　　　یصید قلت کراکی

لەم دێڕەی سەرەوەدا واژەی (کراك) دوو واتا دەگەیەنێ:

١. واتـای یەکـەمی (کـراك) (کـری) بـەواتای نـەوز، خـەو، ك رانـاوە ئـەم واتایـە لەگـەڵ (العین)دا گونجاوەو تەواودەبێ.
٢. واتـای دووەمـی کـراك جـۆرە مەلێکـە ئـەم واتایـەش لەگـەڵ وشـەی (یـصید)دا گونجـاوەو تەواودەبێ.. هەردوو واژەکەش پێش واژە هاوبەشەکە کەوتوون.

ئـەم هونـەرەم لـە نامـەی ماسـتەرەکەمدا کـە بـەناوی (رەوانبێـژی لـە شـیعری نالیـدا)یـە بـە نموونـەی هۆنراوەی نالی کە بیری وردی مامۆستا مەسعود محەمـەد پـەی پێبردبوو، باسکردووە، بـەڵام دوای ماوەیەك ئەوەم بەبیرداهات کە شیاو نییە بۆ ئەم هونەرە بەرزە نالی تەنیا نموونەیەك یان دوو نموونە بهێنێتـەوە دوای کۆشش و پشکنین و لێکۆڵینـەوەی دێڕدێڕ هۆنراوەکانی شـاعیرەو وردبوونـەوە لـە پێوەندی نێوان وشەکانی هەر دێڕە هۆنراوەیەکیدا، هەندێ نموونەی ترم بۆ ئەم هونەرە دۆزییەوەو دڵنیام کە نالی دەیان نموونەی تری بـۆ ئـەم هونـەرەو هونـەرەکانی تـری رەوانبێـژی چنیوەو هێشتا بیری نووسەرانیان پێ نەگەیشتووە.

بەپێی ئەو دوو پێناسـەیەی سـەرەوە بـۆ ئـەم هونـەرە، کێومـاڵی هـەموو دێڕەکانم کرد، نموونـەم بـۆ

پێناسەی یەکەم نەدۆزییەوە، دیارە توانای بیری من ئەوەندە بڕی کردووە بەهیوای ئەوەی کەسانیتر ئەم جێگا چۆڵەمان بۆ ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام بۆ پێناسەی دووەم (دووەمو سێیەم) هەندێ نموونەمان دۆزییەوە وا دەیخەینەڕوو.

نالیش بۆ ئەم هونەرە دەڵێ:

رەنگی زەردو سووری خەوف‌و خەجەڵی، ئاوی حەیای

وا تکاو ئەرجوو دەکەن عەفوی بکا وەك عەبدی خۆی ٦٩٢

لەو دێڕەی سەرەوەدا، نالی لە چنینی وێنەکەدا واژەی (تکا)ی بەکارهێناوە کە دوو واتا دەگەیەنێ:

واتای یەکەمی (تکا) دڵۆپاندنە.

واتای دووەمی (تکا) تکاکردن‌و پاڕانەوەیە.

لێرەدا دەبینین واتای یەکەمی (تکا) کە دڵۆپاندنە لەگەڵ ئاوی حەیادا دەگونجێ‌و تەواودەبێ، (ئاوی حەیا) لەپێش واژە هاوبەشەکەوە هاتووە، واتای دووەمی واژەکە بەواتای پاڕانەوەیە کە لەگەڵ (ئەرجو)دا دەگونجێ واتا تکاوڕجا لێرەدا واژە هاوبەشەکە کەوتووەتە نێوان هەردوو واتا گونجاوەکەوە.

قیمەتی ماچی دووصەد کیسەیی ساغەو نیمە

غەیری یەك کیسەیی صەد پارە لە گیرفانمدا ٩١

لەو دێڕەی سەرەوەدا، شاعیر واژەی (نیمە)ی بەکارهێناوە، کە دوو بەکارهێنانی هەیە (دوو واتای هەیە.

واتای یەکەمی (نیمە): نیوەیە کە لەگەڵ وشەی (ساغ)دا دەگونجێ‌و تەواودەبێ (صەد کیسەیی ساغ‌و نیوە)، وشەی (نیمە) کەوتووەتە پێش واژە هاوبەشەکە.

واتای دووەمی (نیمە): نەبوونییە کە لەگەڵ وشەی دواوەیدا دەگونجێ‌و تەواودەبێ، واتا (نیمە تەنیا یەك کیسە نەبێ).

چیت لە کاکۆڵی سەروموویی میانی داوە؟

هەموو هەر هەمم‌و پەریشانی یو دەردی سەرییە ٥٨٥

لەو دێڕەی سەرەوەدا واژەی (موو) لە چنینی وێنەکەدا بەکارهێنراوە دوو ئەرکی پێ سپێرراوە، واتا بۆ دوو واتا بەکارهێنراوە.

١. واتای یەکەمی (موو): تووك یان قژ دەگەیەنێ کە لەگەڵ (سەر)دا گونجاوەو تەواودەبێ دەوترێت (سەرو موو).
٢. واتای دووەمی (موو): بەواتای وەکو (موو) دەگەیەنێ ئەمەش چواندنی رەوانە پێچوێنراو (لەوچوو) خراوەتە سەر چوێنراو، ئەمەش لەگەڵ میانیدا گونجاوە (مووی میانی) واتا قەدی وەکو مووی لێرەشدا واژە هاوبەشەکە کەوتووەتە نێوان هەردوو واتا گونجاوەکەوە.

نەمبیستووە هەرگیز لە دەمت بێنی وەفایێ

هەرچەندە سەراپا گوڵی، ئەمما گوڵی هێرۆ ٣٨٦

لەم دێڕەی سەرەوەدا نالی واژەی (بێنی) لە دروستکردنی وێنەکەدا بەشدارکردووەو ئەرکی گەیاندنی هەردوو واتای واژەکەی پێ سپاردووە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

واتای یەکەم: بەواتا (ببەی) یان (بێنی) کە ئەمەش لەگەڵ وشەی پێشوویدا کە (دەمت)ە گونجاوەو واتا تەواو دەکات.

واتای دووەم: بەواتای (بۆن) دەگەیەنێ. لێرەدا دەڵێین واتای (بێنی) لەگەڵ (وەفایێ) گونجاوەو تەواودەبێ، لێرەدا پێوەندییەکە رەنگە هەندێ ئاڵۆزبێت، بەڵام بەم شێوەیە روونی دەکەینەوە.

لە نیوەدێڕی دووەمدا دەڵێ (هەرچەندە سەراپا گوڵی، ئەمما گوڵی هێرۆ) واتا هەرچەندە گوڵی بەڵام لە گوڵی هێرۆ دەچیت لە بێ بۆنیدا، واتا تۆش وەفات نییە.

یـــــــــار ـــــ بێ وەفایی

گوڵی هێرۆ ـــــ بێ بۆنی

لێرەدا بە رێگای جێگۆڕکێی ئەرکی هەستەکانەوەو بە رێگای بەرجەستەکردنی دیاردەیەکی واتاییەوە وێنەکەی چنیوە وەك دەزانین مرۆڤ بەعەقڵ درك بە بەوەفایی کەسێك دەکات بەڵام لێرەدا ئەو وەفایە بە رێگای بۆنەوە هەستی پێ دەکرێت واتا وەکوچۆن گوڵی هێرۆ بۆنی نییە، تۆش وەفا نانوێنی، واژەی بێنی دوو واتای هەیە واتایەکیان لەگەڵ وشەی پێشەوەی دەگونجێ و واتاکەی تری لەگەڵ وشەی دواوەی دەگونجێ و تەواو دەبێت.

خارابی سەوزو شینی لەبەرکردووە جەبەل

دامێنی وەردی سوورە کە دەستم بە دامەنێ! ٦٦٥

واژەی (وەرد) لەم دێڕەی سەرەوەدا بەشدارە لە دروستکردنی وێنەکەداو دوو واتای هەیە.

واتای یەکەمی واژەکە (گوڵ)ەو لەگەڵ وشەی دواوەیدا کە (سوورە) گونجاوەو واتاکە تەواودەبێ.

واتای دووەمی (وەرد) ئەو زەوییەیە کە دەکێڵرێ بۆئەوەی ئامادە بکرێت بۆ چاندن لەوەرزی داهاتوودا ئەم واتایەی (وەرد) لەگەڵ (دامێنی جەبەل)دا دەگونجێ و تەواودەبێ.

ئەی سەروی بوڵەند قەددو برۆ تاق و مەمك جووت

کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت ١٥٢

(رستەی برۆ تاق و مەمك جووت) لە نیوەدێڕی یەکەمی ئەم دێڕەی سەرەوەدا هاتووە، هونەرەکە لە واژەی (تاق)دا دروستبووە کە دوو واتا دەگەیەنێ:

تاق/ بەواتای وەکو (تاق، میحراب) وایە، ئەم واتایە لەگەڵ برۆدا گونجاوەو تەواودەبێ واتا (برۆی لە تاق دەچێت).

تاق/ بەواتای (تاك) ئەمەش لەگەڵ جووت دا گونجاوە، بەڵام واتاکە تەواو ناکات.

شەبنم کە نەظم و نەثرە لە ئەوراقی غونچەدا

گویا بووە بە زارو زوبان و ددان و پووك ٢٦٠

واژەی (نەثر) دوو واتای هەیە، لە وێنەکەدا بەهەردوو واتاکە بارکراوە.

واتای یەکەم/ نەثر بەواتای پرژاندن کە لەگەڵ وشەی پێشەوەیدا کە (شەبنم)ە گونجاوەو تەواودەبێ.

واتای دووەم/ نەثر بەواتای پەخشان کە بەشێکە لەئەدەب ئەم واتایەش لەگەڵ نەظم دا دەگونجێ و تەواودەبێ، نەظم و نەثر واتا هۆنراوەو پەخشان.

زوڵفی دووتایی ترازوو مەثەلی دڵکێشت

روح دەکێشن بە دووسەر ئەم بەسەرێ ئەو بەسەرێ! ٦٥١

واژەی (دەکێشن) لەم وێنەیەی سەرەوەدا بەکارهاتووەو بەهەردوو واتاکەی بارکراوە.

واتای یەکەم/ کێشانەیە، ئەمەش لەگەڵ تەرازوودا گونجاوەو واتاکەی تەواودەبێ.

واتای دووەمی کێشان، دەرهێنانە، ئەمەش لەگەڵ روح دا گونجاوەو تەواودەبێ.

خۆش صوبح دەمێکە کە بە خەندە دەنوێنی

بەس ذەررەی خورشید لە ذەررێکی سوهادا ٨٤

واژەی (دەمێکە) لەم وێنەیەی سەرەوەدا ئەرکی گەیاندنی هەردوو واتاکەی بینیوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

واتای یەکەم/ کات دەگەیەنێ، ئەمەش لەگەڵ وشەی پێشەوەیدا کە (صوبح)ە گونجاوەو تەواودەبێ واتا: کاتی بەیانی.

واتای دووەمی دەمێکە: دەم دەگەیەنێ، ئەمەش لەگەڵ خەندەدا گونجاوەو تەواودەبێت، دەوترێت (دەم بە خەندە).

واژە هاوبەشەکە کەوتووەتە نێوان دوو وشە گونجاوەکەوە.

موغەیلانی جل و مێزەر درێنی صۆفییە، یەعنی

ئەمە ڕێی موحریمانی مەحرەمی سەر رووت و عوریانە ٤٩٥

واژەی (رووت) لەم دێڕەی سەرەوەدا ئەرکی گەیاندنی هەردوو واتاکەی پێ سپێرراوە.

واتای یەکەم/ روو + ت، واتا رووی تۆ ئەمەش لەگەڵ سەردا گونجاوە.

واتای دووەمی رووت، بەواتای (هیچ لەبەردا نەبوو) ئەمەش لەگەڵ عوریاندا گونجاوە چونکە ئەمیش هەر ئەو واتایە دەگەیەنێ، واژە هاوبەشەکە لەنێوان هەردوو واتای گونجاوە.

دڵ پەی دەکا نیگاهی سەهمی موژەی سیاهی

رەمزی هەموو بەڵایە، غەمزەی هەموو موصیبە ٣٩٧

لەم دێڕەی سەرەوەدا واژەی (موصیبە) لە چنینی وێنەکەدا بەکارهاتووەو دوو واتای هەیە.

واتای یەکەم/ بەواتای بپێکێ کە لەگەڵ وشەی غەمزەدا گونجاوەو واتاکە تەواودەبێ دەوترێت بە تیری غەمزەی پێکامی.

واتای دووەمی (موصیبە) واتا کێشە کە لەگەڵ بەڵادا دەگونجێ دەوترێت بەڵا و موصیبەت.

لێرەدا واژە هاوبەشەکە کەوتووەتە دوای هەردوو ئەو وشەیەوە کە واتاکانیان لەگەڵیدا گونجاوە.

شەو ئەمما غیبطەیی نووری سووەیدای دڵ و دیدە

شەو ئەمما، خۆر تیا گۆیا لە شەرمی نووری پەنهانە ٥١١

لەم دێڕەی سەرەوەدا واژەی (سووەیدا) کە دوو واتای هەیە بەهەردوو ئەو واتایە بارکراوە.

واتای یەکەمی (سووەیدا) لەگەڵ دڵدا دەگونجێ.

واتای دووەمی (سووەیدا) بەواتای رەشێنی لەگەڵ دیدەدا دەگونجێ و واتاکەی تەواودەبێ.

لێرەدا واژە هاوبەشەکە کەوتووەتە پێش هەردوو ئەو وشەیەوە کە واتاکانیان لەگەڵ واژە هاوبەشەکەدا گونجاوە.

## ئەنجام

لەم باسەدا گەیشتووین بەم ئەنجامانەی خوارەوە.

١. ئەگەر زۆر لە شاعیران بەتایبەتی شاعیرانی کلاسیك، بە لاساییکردنەوەی شاعیرانی تر هونەرەکانی ڕەوانبێژییان لە چنینی وێنە شیعرییەکانیاندا بەکارهێناوە، ئەوا نالی شاعیر ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەو هونەرانە بووە وەکو زانست بەوپەڕی وردییەوە بەکاری هێناون.

٢. هونەری بەکارهێنان (الاستخدام) کە بە دوو پێناسەی جیاواز لە سەرچاوەکاندا خراوەتەڕوو، لە شیعرەکانی نالیدا چەند نموونەیەکمان بۆ تەنیا پێناسەیەکی دۆزیوەتەوە، بۆ پێناسەکەی تر نموونەمان نەدۆزیوەتەوە، دیارە توانای ئێمە هەر ئەوەندەیەو پەی بە دوڕ و گەوهەری تری ئەم دەریا بێ بنەدا نەبردووە.

٣. توانای نالی گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە سنووری دەستنیشانکراوی هونەرەکانی ڕەوانبێژیی ببەزێنێ وەك ئەوەی لە هونەری (بەکارهێنان) (الاستخدام)دا دەیبینین کە ئەو واژەیەی دوو بەکارهێنانی هەیە دەکەوێتە نێوان دوو وشەی پێوەستدارەوە، بەڵام نالی جگە لەم شێوەیە بەشێوەیەکی تریش بەکاری هێناوە، واژەکەی خستووەتە پێش دوو وشە پێوەستدارەکەوە. وەك (سووەیدای دڵو دیدە).

پەراوێزەکان:

[1] مەسعود محەمەد، چەپکێك لە گوڵزاری نالی، ل٢٣.

[2] مەسعود محەمەد، چەپکێك لە گوڵزاری نالی، ل

[3] دیوانی نالی، پێشەکی چاپی ئێران.

[4] يحيى العلوي، الطراز، الجزء الثالث ص ٥١.

[5] سيد احمد الهاشمي، جواهر البلاغة، ص ٣٥٧.

6 مەلا عبدالکریمی مودەڕیس، بەدیعو عەرووزی نالی، ل٣٣.

[7] سيد احمد الهاشمي، جواهر البلاغة، ل٣١٣.

[8] يحيى العلوي، الطراز، ص١٤٤.

[9] التفتازاني، شرح المختصر، البديع، ص١٥١.

[10] رؤوف عثمان، الجوانب البلاغية عن النودهي، ص١٨٦.

[11] ابن سنان الخفاجي، خزانة الأدب وغاية الادب، ص٥٢.

[12] تفتازاني، شرح المختصر، البديع، ص١٥١.

سەرچاوەکان:

١- ابن سنان الخفاجي، خزانة الأدب وغاية الأدب.
٢- يحيى العلوي، الطراز.
٣- مەسعود محەمەد، چەپکێك لە گوڵزاری نالی.
٤- سيد أحمد الهاشمي، جواهر البلاغة.
٥- سعدالدين التفتازاني، شرح المختصر.
٦- شوقي ضيف، البلاغة تطور وتأريخ. دار المعارف بمصر ١٩٦٥.
٧- عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەدیعو عەرووزی نامی.
٨- رؤوف عثمان، الجوانب البلاغية عند النودهي، جامعة السليمانية، ٢٠٠٠.

دیوانەکان:

- دیوانی نالی، لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.

## ملخص البحث

لعب هذا القسم (اعنى البديع) من البلاغة دوراً كبيراً في تزيين شكل الأدب الكلاسيكي عامة والأدب الكلاسيكي الكردي بصورة خاصة ويتضمن فنوناً كثيرة قد تصل الى مائة واثنين وعشرين فناً حسب رأي ابي الاصبع المصري، بعضها من المحسنات اللفظية وبعضها معنوية وتتباين هذه الفنون من ناحية خلق التذوق في نفوس وقلوب المتلقين كما تتباين هذه الفنون من ناحية النسج بعضها تقليدي بسيط حيث نجده في شعر معظم الشعراء الا ان بعضها صعب النسج لا يتقرب منه الا فطاحل الشعراء لذا قلما نجده في شعر الشعراء وهذا الأمر دفعنا الى ان نتناول بحث هذا الموضوع ونشرع بتعريف وشرح الفنون وتحليلها بشواهد شعرية قلَّ نظيرها وشاعرنا نالى خير من تمطى بجواده هذا المجال ولذا تناولنا شعره إلا ان تعمق الشاعر في خياله بات عائقاً لنا في فهم مرامه الا ان اعتمادنا على شرح استاذنا الجليل عبدالكريم المدرس (رحمه الله) برد هذا العائق فانجزنا البحث في فصلين.

الفصل الأول، تناولنا في هذا الفصل، نالى والفنون البلاغية النادرة كما تناولنا بالتحليل والاستشهاد فني التطريز والتدبيج.

الفصل الثاني، خصصنا هذا الفصل لفن الاستخدام لما له من اهمية ثم خلصنا الى نتائج وبترجمة زبدة البحث الى اللغة العربية والانكليزية ختمنا البحث آملين ان نكون قد اشعلنا بصيصاً فب هذا المجال المعتم.

## *Abstract*

*Aesthetics plays a great role in decorating classical literature in general and Kurdish literature in particular. As a part of rhetoric, aesthetics comprises various artistic ways which can be composed by using homophones and meaning. These arts are not only different in their tastes but in their composition as well. Moreover, some of them are difficult to be composed and require an unusual ability on the part of the poet. Naly was one of those poets who used this art in composing poetics images. Collected works of Mala Abdul Kareem Mudarees, in which he analysed Naly's poems intensively, have been used as one of the sources for this study. This thesis consists of an introduction and two chapters. The first chapter includes "Naly and a verity of artistic approaches" and the second was devoted to the art of "utilization".*



گۆڤاری زانکۆی سلێمانی

بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان